**بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٠**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٥/١٢/٢٧**

## بڕیار

پشت بەستن بە حوکمی برگە (٢)ی ماددەی (٣٧) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراوو، ماددەی (١٢) لەپێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق، ئەنجومەن لەدانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٥/١٢/٢٧)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا:

**یەکەم:**

قبوڵکردنی ئەندامێتیی پاڵێوراو (أرسلان غفور محمد سلێمان) لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا – عێراقدا.

**دووەم:**

لەبەرئەوەی پاڵێوراو لەڕۆژی (٢٠٠٥/١٢/٢٧)دا سوێندی یاسایی خواردووە، بۆیە ئەندامێتیەکەی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراقدا، لە ڕۆژی (٢٠٠٥/١٢/٢٧)ەوە کارا دەبێت.

**سێیەم:**

پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

**چوارەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقرار کردنییەوە، ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٢/٢٧ەوە دەخرێتەکارو، لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی (وەقایعی کوردستان) و ڕۆژنامەی (پەرلەمان)یشدا بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان رشاد موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

## هۆکارە زەرووریەکان

لەبەرئەوەی ئەندامی پاڵێوراو (محمد توفیق رحیم) لە (٢٠٠٥/٦/٤)ەوە تا ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارە لە سوێندخواردنی یاسایی دواکەوتووەو، لەسەر داوای ژمارە (١٣٧٨)ی ڕۆژی (٢٠٠٥/١٠/١٠)ی خاوەن لیستی هەڵبژاردنەکە (مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی) ئەم بڕیارە دەرهێنرا کە ئەندامی پاڵێوراو (أرسلان غفور محمد سلێمان) جێگای ئەندامی پاڵێوراو (محمد تۆفیق رحیم) بگرێتەوە.